سەدر لەبارەی سوتاندنی قورئانی پیرۆز لەلایەن ژنە بەربژێرێکی کەماریەکان بە کۆنگرەسی ئەمریکا هاتەدەنگ



موقتەدا سەدر، سەرکی ڕەوتی نیشتمانیی شیعە لە ڕاگەیەندراوێکدا سەبارەت بە سووتاندنی قورئانی پیرۆز، لەلایەن ژنە بەربژێرێکی کەماریەکان بە کۆنگرەسی ئەمریکا لە ویلایەتی تەکساس ڕایگەیاندووە، "جارێکی دیکە ڕژێناوا ڕق و کینەی خۆی بەرامبەر بە ئایینی ئاسمانیی ئیسلام ڕادەگەیەنێت."

سەدر دەڵێت، "ئەم جۆرە جگای سەرسوڕمان نییە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و سەرسوڕمانە، بەدەنگیی هاوتا ئایینییەکانمانە کە ئایینە ئاسمانییەکانیان خۆشدەوێت، سەبارەت بەم کارە تاوانکارییە شەرمەزارکەرەی ڕق و کینە و پشێلکردنی هەست و باوەڕی ملیۆنان کەس."

بە بۆنەی موقتەدا سەدر، "ئەم بەدەنگییە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دوورە لە (سامی بوون؛ زاراوەیەکە بە دژە جوولەکایەتی دەگوترێت، وەک گرووپێکی ڕەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی)، ئەگینا تاوانێکی جیهانی لەخشتەبوو دەبوو کە دەزگا ڕژنامەوانی و نامرۆڤکانی دەلەرزاند."

سەدر دەپرسێت، ئایا لەئامێزگرتنی ئایین جۆرێکی ئازادی نییە؟ هەڕشکردنە سەر ئایینەکان جۆرێک لە

سەرکوتکردنی ئازادی ئایین و باوەڕ نییە؟

سەرکی رۆوتی نیشتمانیی شیعە پێی وایە، خوا "درێی ئازادی و دیموکراسی بەباکانێی" وەاتانی رژئاوای ئاشکرا کردووە و نووسیوێتی، دیموکراسییەکە بە دوو پۆوەر بەکاردەهێنن، "هەرچی دژی تە بێت حەرام قەدەخەیە و هەرچی دژی ئێوانە بێت کە بە دوژمنی خەتیان دەزانن حەاڵڵ. هەرچی لە بەرژەوەندیتاندا بێت ئەرکە، هەرچی لە بەرژەوەندی ئێو کەساندا بێت کە دژایەتییان دەکەن، تیرەر و دیکتاتێریەت و دواکەوتوویە."

لەکەتاییدا موقتەدا سەدر ئاماژێی بەوە کردووە، "ئێوە ئێی دواکەوتووەکان، گومەزە ئاسنینەکانتان هیچ سوودێکی بە ئێوە نابێت، کاتێک سزای ئاسمانیتان بە دەت، کەواتە چاوەڕوان بن، چونکە منیش چاوەڕوانم."